نیشتمانه‌که‌مان بناسین

گوندی گۆرانی سەر خاسە

یەکێکە لە گوندەکانی باشووری کوردستان. ئەکەوێتە سەر رووباری خاسەو نزیکەی (٢٣)کیلۆمەتر لە خۆرئاوای شاری کەرکوکەوە دوورە. سەر زەمینەکەی گردۆڵکەو بەرزاییە. دەکەوێتە نێوان گردۆڵکەکانی کەڵەکەناو، قوشەڵان، کەل چاڵاو، بان قازی خان، قەڵا، گردەگەورە، پشتی دەلۆ و بانەبۆرەوە. ئەم گوندە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو سێ جار جێگۆڕکێی کردووە. سەرەتا لە خانەکۆن ئاوەدانکراوەتەوەو دواتر چۆتە هاوینەو دواجاریش بە یەکجاری لەم شوێنەی ئێستایدا جێگیربووە. لە شوێنەوارە دێرینەکانی (قەڵاو قەپاغ و قزەڵە) کە مێژوویان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. گۆرانی سەرخاسە لە مێژووی نوێدا چوار جار بەر شاڵاوی دوژمنان کەوتووە. لە ساڵانی (١٩٦٣) و (١٩٦٥) و (١٩٨٧) دا روخێنراوەو دوا جاریش لە ساڵی (١٩٨٨) دا ئەنفالکراوە. پاش (١٥) ساڵ خەڵکەکەی ئاوەدانیان کردۆتەو ئێستا نزیکەی (١٤) ماڵی تێدایە کە بژێوی ژیانیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دابین دەکەن.

ئاز ڕاژان

بۆچی هەندێک باڵندە لەسەر یەک قاچ دەخەون؟

هەرچەندە هۆکاری ئەمە تا ئێستا بە تەواوەتی نازانرێت، بەڵام شارەزایان پێیان وایە:

١ – ئەو باڵندانە ئەیانەوێت بە نۆرە قاچەکانیان پشوو پێبدەن، بۆیە هەر جارە قاچێکیان بەرز دەکەنەوەو هەموو قورسایی لەشیان دەخەنە سەر قاچەکەی تریان.

٢– لەبەر ئەوەی قاچی باڵندەکان رووتن و پەڕیان پێوەنیە، جا بۆ ئەوەی گەرمایی لەشی خۆیان بپارێزن، قاچێکی خۆیان دەکەن بەژێر باڵیانداو تەنها لەسەر قاچێك رادەوەستن. رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە لەکاتی خەوتنیان سەریشیان دەخەنە بن باڵیان. خۆ ئەگەر باڵندەکان پەتوویان هەبوایە ئەو کارەیان نەدەکرد.

وە محەمەد حامید